American Enterprise Institute for Public Policy Research

Kurdish Edition

No. 1 • January 2008

Middle Eastern Outlook

## بۆچونێك لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست

# ئایا کوردستانی عێراق هاوپەیمانێکی باشە؟

**بە پێنووسی: مایکل رووبن**

* مایکل رۆبین mrubin@aei.org توێژەرە لە پەیمانگای ئینتەرپرایزی ئەمریکی بۆ توێژینەوەی سیاسەتی گشتی.

*لەسەر بنەمایەکی زۆر عاتیفی، پشتگیری ئەمریکا بۆ کوردستانی عێراق مانادارە.[1] لەسەروبەندی جەنگی جیهانی دووەمدا کاتێك گەلان سەربەخۆییان وەرگرت، کورد چانسی بە دەوڵەت بوونیان لەدەستچوو. ئەمرۆ کورد گەورەترین میللەتی بێ دەوڵەتن. ئەزیەتی زۆریان لەسەر دەستی خەڵکانی دیکە دیوە. بەڵام هەرچەندە کوردستانی عێراق پێشکەوتنێکی زۆری بینیوە، لەبەر بێ متمانەیی سەرکردایەتیەکەی هەر جۆرە هاوپەیمانێتیەکی درێژخایەن لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کوردا کارێکی ناحەکیمانە دەبێت. لەجیاتی ئەوەی ببێتە مەشخەڵێك بۆ دیموکراسیەت، وادیارە سەرکردایەتی ئێستای کورد زیاتر لەسەر رێچکەی حوکمێمی ئۆتۆکراتی تاکرەوی دەروا. لەجیاتی ئەوەی ببێتە نیلسۆن ماندێلای هەرێمەکە، سەرۆکی کوردستانی عێراق مسعود بارزانی بەرەو ئەوە دەروات ببێتە یاسر عەرەفات ێکی نوێ. سەرەرای ئەو گوفتارە رووکەشانەی سەبارەت بە گونجاوی کوردستان وەك هاوپەیمانێك، رەفتارو کرداری کوردستانی عێراق دەریدەخەن کە دوورە جێی متمانە بێت.*

دەکرێت بووترێت کوردستانی عێراق سوودمەنترین لایەن بووە لە ئازادکردنی عێراق دا. ئەمرۆ کوردەکانی عێراق بەرزترین ئاستی ژیانیان هەیە و رێژەی وەبەرهێنانی بیانی و ئاسایشیان لە وڵاتدا بەرزە. کەنارگیریی نێودەوڵەتی لەسەر هەرێمەکە کۆتایی هاتووە. فرۆکە ئەوروپیەکان لە میونخ و ڤیەننا راستەوخۆ میوان و بگرە گەشتیاریش دێننە سلێمانی و هەولێر. هێزی هاوپەیمانان لە ئوتێلەکانی دهۆك و سەیرانگاکانی دوکاندا پشوو دەدەن و دەحەوێنەوە. خاوەن کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکی و ئەوروپی لە کێبڕکێدان تا سەرنجی کورد بەلای خۆیاندا راکێشن. تەنانەت پیتەر گالبریس کە باڵوێزێکی دەورانی کلینتۆن بوو، ئێستا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە گیراوە بۆ لۆبی کردن بۆیان. گالبریش پێشنیاری بونیاتنانی بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی دەکات لە هەرێمەکەدا.[2]

پێنج ساڵ لەمەوبەر دۆخەکە زۆر جیاواز بوو. هەرچەندە کوردی عێراق لەپاش ساڵی 1991 ەوە لەژێر سایەی سەربەخۆییەکی فعلیدا حەساونەتەوە، بەڵام نا دڵنیایی داهاتوو باڵی بەسەر ژیانی رۆژانەی خەڵك دا کێشابوو. کوردەکانی عێراق متمانەیان بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و ئەمریکا کەمبوو بەوەی کە لە مەحکوم کردن و توندکردنەوەی ئابلوقەی ئابووری زیاتر هیچ نەکەن ئەگەر هاتوو سوپای

عێراق بەرەو باكور كشا. لە ساڵی 1975دا وەزیری دەرەوەی ئەوكات هێنری كیسنجەر كوردەكانی عێراقی كردە قوربانی صەفقەیەكی ریالپۆلەتیك (سیاسەتی واقعبین) لەگەڵ بەغدای ئەو كات كە سەددام حسێن لە پۆستی جێگری سەرۆكەوە دەسەڵاتی تەواوی خۆی چەسپاندبوو. كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەزۆری بێ دەنگی نواند دەرهەق بە حكومەتی عێراقی كاتێك قەتل و عامی كوردی كردو چەكی كیمیایی دژی دانیشتوانی مەدەنی لە ساڵی 1988 بەكارهێنا. هەروەها هێزەكانی ئەمریكا كارێكی ئەوتۆیان نەكرد كاتێك گاردی كۆماری لە ساڵی 1996دا هەولێریان داگیركرد. هەرچەندە ئیدارەی كلینتۆن ئەو كارەی مەحكوم كرد، بەڵام دۆست و دوژمن بێدەنگی و كاردانەوەی شەرمنانەی ئەمریكایان بینی، تەنانەت كاتێك گاردی كۆماری هەستا بو گرتن و ڕیزكردن و گوللەبارانكردنی ئەو ئەندامانەی ئۆپۆزسیۆن كە لەگەڵ واشنتۆندا كاریان دەكرد. هەروەها هێزەكانی عێراق لێپێچینەوەیەكی ئەوتۆیان لەگەڵدا نەكرا كاتێك لە ساڵی 2000 هێڵی 36یان بەزاند لە نزیك گوندی باعەدرێ بۆ تاقی كردنەوەی توانای بەرگری هێزی كوردی.[3]

وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بە شێوەیەكی فراوان تاقە ناوچەی ئازادی عێراقیان فەرامۆش كرد كاتێك نەك هەر تەنها بەدست ئابلۆقەی ئابوری نەتەوە یەكگرتووەكانەوە دینالاند، بەڵكو ئابلۆقەیەكی جیاوازی تریشیان لەسەربوو كە لەلایەن رژێمی سەدام حسێن لە بەغداوە خرابووە سەریان، كە بووە هۆی ئەوەی سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان پوتروس پوتروس غالی فەرمانی بدا بە دابینكردنی خواردن و دەرمان بۆ كوردستانی عێراق لەژێر پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراكی نەتەوە یەكگرتووەكان دا.[4] لە كۆتایی 2001دا، وەزارەتی دەرەوە بڕیارێكی دەركرد بەقەدەغەكردنی هاوڵاتیانی ئەمریكی كە بە پاسەپۆرتی ئەمریكیەوە سەفەربكەن بۆ كوردستانی عێراق، بەپێی مەرجەكانی ئەو ئابلۆقەیەی كە نەتەوە یەكگرتووەكان و ئەمریكا دایانابوو.

### هەلی بەردەم كوردستانی عێراق

بڕیارەكەی 2003/3/1ی توركیا بە بەشداری نەكردن لە (پرۆسەی ئازادكردنی عێراق)دا پێگەیەكی ستراتیژی چاوەڕوان نەكراو بوو لە قازانجی حكومەتی هەرێمی كوردستان. ڕاستە هێزە تایبەتەكانی ئەمریكاو دەزگای هەوالگری چەند مانگێك پێش دەستپێكردنی شەڕەكە لەگەڵ میلیشیای پێشمەرگە و سەركردایەتی كوردیدا هاوكاربوون. بەڵام پلاندانەرانی سەربازی ئەمریكی چاوەڕێی هاوكارییەكی زۆر بەهێزتر بوون لە توركیا. پاش گفتوگۆیەكی زۆر لە مانگی شوباتی 2003دا، لێپرسراوانی دیبلۆماسی و سەربازی ئەمریكی و توركی یاداشتنامەیەكی لەیەكگەیشتنیان مۆركرد بۆ دیاریكردنی هێڵە گشتیەكانی هاریكاری نێوان توركیاو ئەمریكا لە عێراقدا. لێپرسراوانی كوردی عێراق باش دەیانزانی كە پەیوەندی توركیاو واشنتۆن لە خەمەكانی ئەوان گرنگترە ، بۆیە لە جێی ڕێگرتن لە بەشداری توركیا هەوڵیان دا بگەنە ڕێكەوتنێك كە تێیدا، یەكەم: پنتاگۆن ڕۆڵی توركیا لە عێراقدا سنوردار

بکات له هەندێك ڕێڕەوی دابینکردنی کەلوپەل له باکوری عێراقداو، دووەم: گەر واش خوازرا که هێزێکی گەورەی تورکی بەشداربکات، ئەوا پێویسته له باشور یان ڕۆژهەڵاتی تکریت بن. به ڕای هەولێر ئەمه کاریگەری تورکیا لەسەر شاری کەرکوك سنوردار دەکات.

ڕۆڵ و گرنگی ستراتیجیەتی تورکیا کەم بوویەوە کاتێك پەرلەمانەکەی ڕازی نەبوو تورکیا بەشداربێت له هاوپەیمانێتییەکەی ئەمریکادا. ئەمەش به قازانجی پێگەی ستراتیجی هێزه کوردییەکانی عێراق شکایەوە بۆ یارمەتیدانی ئەمریکا له گەیشتن به ئامانجەکانی. بۆیه لەجیاتی ئەوەی له تورکیاوه بێنه ناو عێراقەوە، هێزەکانی ئەمریکا لەڕێی پەڕەشووتەوە ڕژانه ناوچەی هەریری باکوری هەولێر. لەوانەیه له هەفتەکانی سەرەتای جەنگدا هێزەکانی پێشمەرگه زیاتر خەریکی تاڵانکاری بووبن نەك جەنگ، بەڵام بەشداریکردنەکەیان لانی کەم له ئاستێکی ڕەمزیدا بووە مایەی بەهێزکردن و چەسپاندنی پەیوەندیان لەگەڵ سەرکردایەتی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکادا که ئاشنایەتیان زیاتر لەگەڵ سەرکردایەتی عەرەبیدا هەبوو. عاتیفەبازیش هاندەرێك بوو بۆ پتەوبوونی پەیوەندی نێوان ئەمریکا و کورد. زۆرێك له ئەندامانی سوپای ئەمریکی هاوسۆزیان بۆ کوردەکانی عێراق هەبوو، به تایبەتی که زۆربەیان ئاشنایەتییان لەگەڵ کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1991 کاتێك ڕێگربوون له کۆڕەو و به کۆمەڵ برسیکردنی کورد له ڕێی (پرۆسەی دابینکردنی پەناگەی ئارام). پاش دوانزه ساڵ بینیان سەرەڕای ئاستەنگەکان هەرێمەکه لەسایەی سەرکردایەتی کوردیدا گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە.

کەلتور و نەریتی کوردیش یارمەتیدەر بووە بۆ بوونی پەیوەندی لەگەڵ وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. دیبلۆماتکار وئەفسەره سەربازییەکانی تورکیا زۆر جەخت لەسەر ڕەسمیات دەکەنەوە و پابەندن به پرۆتۆکۆلەوە. ئەمەش لەجیاتی دروستکردنی پەیوەندی ئاسان بکات تێکی دەدات.[5] هەندێکی کەم له دیبلۆماته ئەمریکیەکان حەز به هاوشانه تورکەکانیان دەکەن. کەچی به پێچەوانەوە، کوردەکانی عێراق زۆر میوانپەزێرن خوانی گەورەیان بۆ ئەو لێپرسراوە ئەمریکیانەی سەردانیان دەکردن دەڕازاندەوە. له هەندێ حاڵەتیشدا پەیوەندیان لەگەڵ ئافرەتانیشدا بۆ ئاسان دەکردن. پارتی دیموکراتی کوردستان لێپرسراوە ئەمریکیەکان له میوانخانه تایبەتەکانی خۆیدا دەحەوێنێتەوەو دیاری وەك فەرشی ئاوریشم و خشڵی زێڕین دەداته لێپرسراوانی سەربازی و لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوە. هەرچەنده زۆربەی لێپرسراوە ئەمریکیەکان ئەو جۆره دیاریانه ڕەت دەکەنەوە بەڵام لەکاتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (CPA)دا هەندێ له لێپرسراوە مەدەنی و سەربازییەکانی ئەمریکا ئەم جۆره دیاریانەیان وەردەگرت.

خاڵێکی تر که یارمەتی ڕۆڵی کوردی داوه له واشنتۆن بریتی بووە له بەکرێگرتنی کۆنه لێپرسراوانی سەربازی و سیاسی ئەمریکی وەك نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆ نمونه سەرکردایەتی کورد دەزگایەکی لۆبی کردن بەکاردەهێنێت که جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو ڕۆبەرت د. بلاکویل بەڕیوەی دەبات. ئەم دەزگایه هەڵدەستێت به نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندیەکانی کوردی له واشنتۆن و دیدارو چاوپێکەوتن بۆ سەرکردایەتی کورد لەگەڵ لێپرسراواندا سازدەکات.[6] هاری

شوتی فەرماندەی پێشووی بەتالیۆنی 404ی کاروباری مەدەنی، کە لە هەولێر نیشتەجێ بوو، وازی لە ئەرکە سەربازییەکەی هێناو بوو بە ڕاویژکارێکی مووچەخۆری سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی. هەروەها پاش کۆتایی هاتنی جەنگ و خانەنشین بوونیان لێپرسراوانی ئیدارەی مەدەنی وەك جەنەراڵ جەی گارنەر لە هەولێر و کۆلۆنێل دیك ناب لە بەغا گەڕاونەتەوە کوردستان بە مەبەستی دەستکەوتنی چەند بۆندێك. پیاوانی کاری ناوچەکە دەڵێن کە قوباد تاڵەبانی کوڕی سەرکردەی یەکێتی داوای لێکردوون کە پارە ببەخشن بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەو ئەندام کۆنگرێسە ئەمریکیانەی کە هاوسۆزی سەربەخۆیی کوردن.

بەشداریکردنی کورد شان بە شانی هێزەکانی ئەمریکا لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، بە تایبەت بە بەراورد لەگەڵ هەڵسوکەوتی تورکیادا، هانی سەرکردایەتی کوردی داوە کە هەستی مافداری خۆیان دەربڕن. لە دیدارێکی ساڵی 2003دا و لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کورد چاوەڕێی چی دەکات لە بەرامبەر پاڵپشتی کردنیان بۆ ئامانجەکانی ئەمریکا، مسعود بارزانی ووتی: "داواکاری سەرەکیمان لە وولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا ئەوەیە کە پشتگیری لە خەباتمان بکەن لە گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانمان.".[7] لە ووتارێکی ساڵی 2005یشدا بارزانی پشتگیری لەهەمان بۆچوون دەکاتەوەو دەڵێ: "پاش هێزەکانی ئەمریکا، پێشمەرگە گەورەترین ئەندامی هێزی هاوپەیمانانە.".[8]

## مەشخەڵێك بۆ دیموکراسی

بەپێی بۆچوون و پرینسیپەکانی "بۆش" هاوپەیمانییەتی لەگەڵ کوردستاندا کارێکی ئاساییە. پەیوەندیی دیبلۆماسیی لەگەڵ وڵاتاندا بە ئامانجی گۆڕین و بە دیموکراتیزەکردنیان—لای کەم لە رووی تیۆریەوە–لە پێشینەی سیاسەتی کۆشکی سپییە. لێرەدا دەکرێ کوردستانی عێراق نموونە بێت. دوو ساڵ بەر لە ڕووخانی ڕژێمی سەددام، کارۆڵ ئۆلێری، کەپسپۆر و توێژەرەوەیە لە سەنتەری ئاشتیی جیهانیی لە زانکۆی ئەمریکی دا، کوردستانی عیراقی بە "بۆتەی دیموکراسی و نموونەیەك بۆ عیراقی پاش سەددام" وەسف کرد.[9] سەڤەرکەر ئۆریدسۆن ی زانای میژوو لە زانکۆی لەند و ئۆلا شمیت کە سیاسەتمەدارێکی سویدیە کوردستانیان بە "مەشخەڵی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست" ناو برد[10]. لە ساڵی 2006 دەستەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی سەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند ریکلامێکی لە ئەمریکا بڵاو کردەوە تێیدا وەسفی کوردستانی دەکرد بەو هەرێمەی کە "زیاتر لە 10ساڵە پەیرەوی دیموکراسی دەکات."[11] هەرچەندە نە پارتی و نە یەکیتی ڕێ بە کێبەرکێیەکی راستەقینە نادەن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەو سێ پارێزگایەی لە ژێر دەسەڵاتی مەسعود بارزانیی و جەلال تاڵەبانی دان لە چاو ناوچەکانی تری وڵاتدا یەکجار ئازاد بوون.

بەڵام نە بارزانی و ن تاڵەبانیی دیموکراتخواز نین. لە ماوەی شەڕی ناوخۆی کوردەکاندا لە ساڵانی 1994-1997 هەردوو سەرکردە کوردەکە مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە، بۆ نموونە بەرهەڵستکاران سەرنگووم دەبوون، و بارزانی و تاڵەبانی بێ لێپێچینەوە بڕیاری کوشتنی دیلەکلنیان دەدا. چالاکانی بواری سیاسی و کۆمەلأیەتی ژمارەی ئەو دەستگیراوکراوانەی کە لەسەر دەستی هەردوو پارتە دەسەلأتدارەکە بێسەروشوێنن کراون بە 3000 دەخەملێنن.[12] ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ئەو هەرێمە دەڵێن کە سەرکردایەتی سیاسی، لە دادگادا ڕێ بە پشتگیریی و نوێنەرایەتی خانەوادەی ئەو خەڵکە بێسەرو و شوێنە نادەن.لە کاتی دادگاییکردنی سەددام ساڵی 2006 دا، زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی کورد لە هەرێمەکەدا لە زانکۆ و چاپیخانەکاندا ئەو سەرنجە تاڵەیان دەدا کە سەرکردایەتی کوردیش لە عیراق زۆریك لەو تاوانەنانەی کە ئێستا سەددام ی لە سەر دادگایی دەکرێت ئەنجام داوە، با کەمتر بووبن یا بە چەکی کیمیاوی نەبووبن.

عیراق گۆڕاوە ، بەڵام کوردستانی عێراق نەگۆڕاوە. زۆرێك لە کوردەکانی عێراق چاوەڕێ بوون بە ڕووخانی سەددام هەرێمەکەیان بەرەو لیبرالیەت و دیموکراسی بڕوا. بەلأم لە جێی ئەوەی بەرەو ڕیفۆرم و ژاکسازی هەنگاو بنێ، سیاسەتی هەرێمەکە چەقی بەستووە. بارزانی کۆنترۆڵێکی دیکتاتۆرئامێزی هەیە بەسەر پارێزگاکانی دهۆك و هەولێردا و تاڵەبانیش بەسەر سلێمانیدا. هەرچەندە وەسفکردنی سەرکردایەتی کورد بە خێڵەکی وەسفێکی ورد نابێت—لای کەمە نیوەکەی یەکێتی– هەردوو حیزبەکە بۆ کۆنترۆلکردنی دەسەلأت پشت بە ئەندامانی بنەماڵەکانیان دەبەستن. بارزانی برازاکەی خۆی کردۆتە سەرۆکی وەزیران و کوڕە تەمەن35 ساڵەکەشی کردۆتە بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی هەرێمەکە. هەندێ خزمی تریشی دەستیان گرتووە بەسەر کۆمپانیای تەلەفۆن و ڕۆژنامە و میدیای هەرێمەکەدا.

بەهەمان شێوە هیرۆخانی خێزانی تاڵەبانی کەناڵێکی سەتەلایتی کوردی بەڕیوە دەبات. کوڕێکی لێپرسراوی دەزگای هەواڵگیریی یەکێتییە و کوڕەکەی تریشی نوێنەری حکوومەتی هەرێمە لە واشنتۆن. کە کاتی دابەشکردنی وەزارەتەکانی بەغدا هات، هەردوو سەرکردە کوردەکە ڕوویان لە بنەماڵەکانیان کردەوە: بارزانی لێپرسراوێتی وەزارەتی دەرەوەی دایە خاڵۆی و تاڵەبانیش وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی دایە یەکێك لە ئاوەڵزاواکانی و باڵوێزخانەی چینیشی دایە یەکێکی تریان. وەك ئینساف بۆ تاڵەبانی ئەم دوو پیاوە لە ڕووی پیشەییەوە کارامەن.

بارزانیی و تاڵەبانی خاوەنی زنجیرە کۆمپانیایەکن کە هەندیکیان بە خزم و کەسوکاریانەوە پەیوەستن و هەندێکیشیان بە پارتە سیاسییەکانیانەوە. تاڵەبانی وەك سەرۆکی یەکێتی مافی بە خۆی داوە کە زەوی حکوومیی بداتە کەس و کاری تا بازرگانی پێوە بکەن. لە کێشەیەگدا کە تا ئێستەش بەردەوامە، تاڵەبانی کۆمپانیای نۆکان بەکار دەهێنێ بۆ دەرکردنی ئەو ئاوارانەی کە لە سەر ئەو پارچە زەویانە جێگیر بوون کە یەکێتی دەیەوێت پرۆژەیان لەسەر بنیات بنێت. نە ئەم ئاوارانە و نە هاوڵاتیان دەتوانن هانا بۆ دادگا بەرن، چونکە پارتی و یەکێتی کۆنترۆڵی دادگایان کردووە. لە سەردانێکی ڕۆتینیدا بۆ گرتووخانەکان، چاودێرانی سەربەخۆی مافی مرۆڤ چەند بازرگانێکیان دیوە کە بەبێ تۆمەت گیراون. بەپێی وتەی ئەم

بازرگانانە گیرانیان بە بڕیاری یەکێك لە کوڕەکانی بارزانی بووە چونکە ڕازی نەبوون بە بێدەنگیی لەگەڵ بازرگانە بارزانیەکاندا ببنە شەریك.

هەردوو سەرکردە لە ڕێی پۆستەکانیانەوە سەروەت و سامانێکی زۆریان کۆکردۆتەوە: سامانی بارزانی بە زیاتر لە 2 ملیار دۆلار و تاڵەبانی بە 400 ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت.[13] سەرکردایەتی کورد رکەوڕانێك بوو ناکۆك بوون لە سەر دابەشکردنی داهاتی گومرگ ئێستا بوجەی هەرێمەکە بۆ گیرفانی خۆیان و پارتەکانیان بەکار دەهێنن. لەراستیدا جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت لە نێوان سامانی بارزانی و تاڵەبانی وەك تاکیك و سەرمایەی حزب و حکوومەتەکەیان دا. بارزانی سەیرانگای سەری رەشی کردۆتە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، خزم و وەزیرەکانیشی لە نزیك خۆی و لە سەر زەوی حکوومی کۆشك و تەلاریان درووست کردووە.

ئەوەی لێڵی پەیوەندی نێوان سیاسەت و بازرگانی زەق دەکاتەوە گرێبەستە نەوتیە تازەکانە. تا رەزامەندی لەسەر بۆندێکی دۆزینەوە و بەرەپێدانی نەوت لە هەولێر یان دهۆك وەربگرن دەبێ کۆمپانیاکان بە بێدەنگی خۆیان بکەنە شەریکی لایەنێك کە بارزانی دەستنیشانی دەکات. چەند بەرپرسێکی نزیك لە ریکەوتنە نەوتیەکانەوە دەڵێن کە کە هاوکارانی بارزانی داوای ٪10 ی داهاتەکان بۆ خودی بارزانی دەکەن و هەمان رێژەش بۆ پارتەکەی. سەرمایەی گشتی حکوومەتیش خەمێکی لاوەکیە، گریمان داهاتی نەوتیش موڵکی کوردستان بێت نەك عیراقیش. ئەم جۆرە لێکگیربوونی بەرژەوەندیە شتێکی تازە نیە. چەندان دۆکیومێنت کە پاش رووخانی رژێمی سەددام بەردەست کەوتوون باس لە پەیوەندی بازرگانی نێوان نێچیرڤان بارزانی و کورەکانی سەددام دەکەن. گەندەڵیش رۆژ دوای رۆژ بەرەو ریزەکانی خوارەوەی حزبی و حکوومی رۆدەچێ. بە پێی رێکخراوێکی نا حکوومی (NGO) لە هەڵەبجە، لە ساڵی 2006 دا چەند رۆژێك پێش ئەوەی لێژنەیەکی پشکنین بریار بوو لە کێشەیەکی دزی و پارە خوارن بکۆڵێتەوە ئاگرێك کە جێی گومانە ئەرشیفی یەکێتی مامۆستایانی سەر بە ی.ن.ك ی سووتاند. ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرێك لە کوردی عیراق دەڵێن کە هیواخواز بوون هاتنی ئەمریکا هاندەر بێ بۆ ریفۆرم و شەفافیەت و لێپرسراوێتی.

## میکانیزمی کۆنترۆڵ کردن

کۆنترۆڵی سیاسی رەگی داکوتاوە. وەك ئەو زیندانیەی کە لە جەللادەکەیەوە فێر بووبێت، ئەم دوو حزبە شێوازەکانی حیزبی بەعس بەکاردەهێنن بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا. پارتی و یەکێتی نەك تەنها لە پۆلەکانی زانکۆدا بەڵکو لە پۆلەکانی دواناوەندیشدا نوێنەریان داناوە. ئەم نوێنەرانەی کە تەمەنیان لە 14 بۆ 15 ساڵە کاری سیخوری دەکەن و راپۆرت لەسەر گفتوگۆکانی ناو پۆل و نێوان قوتابیان دەنووسن و بۆ دەزگاکانی هەواڵگری پارتی و یەکێتی رەوانە دەکەن. دەزگاکانی هەواڵگریش رەگیان

داکوتاوە، ئەشکەنجەش دیاردەیەکی باوە.[14] هەردوو پارتە سیاسیەکە جێ پێی حزبی بەعس هەڵدەگرنەوە. هیچ کام خۆیان نەبەستۆتەوە بەو بنەما ئایدۆلۆژیانەی کە لەسەری دامەزراون، بۆیە ئەندامان لە رێی سیخوری کردن بەسەر هاوەڵانیانەوە لە ئاستە حیزبیەکاندا پێشدەکەون. راستە کورد مامەڵە و بەرخوردیان لەگەڵ کەسانی بیانیدا باشە، بەڵام لێیان بە گومانن. بۆ نموونە، ئەو شۆفێرانەی کە لە دەرەوەی هوتێلەکانی سلێمانیدا دانراون راپۆرت بۆ دەزگای هەوالگری یەکێتی دەنووسن. پارتیش میوانە بیانیەکانی لە میوانخانەی تایبەتدا لە هاوینە هەواری سەلاحەدین دەحەوێنێتەوە. هەرچەندە ئەمە کار ئاسانیە، بەڵام ئەم جۆرە مامەڵەیە میوانەکان ناچار دەکات پشت بە شۆفێرەکانی سەر بە پارتی ببەستن (چونکە تاکسی ئاسایی ناتوانێ لەو ناچەیە نزیك بێتەوە). پارتی زۆر جار لە شۆفێری تاکسیەکانی قەدەغە دەکات کە ئەو رۆژئاواییانە لە نێوان شارەکاندا هاتوچۆ پێ بکەن کە مۆڵەتی دەزگای هەوالگری پارتیان پێ نیە.

ستاف ئوتێلە سەرەکیەکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانیش دەبێ سەر بە پارتە سیاسیەکان بن. زۆرێکیان سەر بە دەزگاکانی هەوالگرین و دۆسیە دەکەنەوە بۆ میوانەکان و ئەوانەی سەریان لێدەدەن. زانکۆی دهۆك بەرنامەی چاودێری لەسەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکانی ستاف بیانی دانابوو. دوور نیە زانکۆکانی تریش هەمان کاریان ئەنجام دابێ.

خۆنەدانە پاڵ یەك لەم حیزبانە دەرەنجامی خراپی لێدەکوێتەوە. ئەو قوتابیانەی کە رەخنە ئامێزانە باس لەم دوو حزبە یان سەرکردایەتیان دەکەن دەخرێنە لیستی رەشەوەو دەرفەتی خوێندن و دامەزراندنیان نادرێتێ. ئەو قوتابیانەی لە زانکۆی سەلاحەددین پلەی بەرزو نایابیان بەدەست دێنن بەڵام سەر بە پارتی نەبوون لە خوێندنی باڵا وەرناگیرێن.

ئامرازێکی تری کۆنترۆڵ لای بارزانی و تاڵەبانی هێزی پێشمەرگەیە. پێشمەرگە کەمتر وەك هێزێکی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان کاری کردووە، بەڵکو زیاتر وەك میلیشیایەك جووڵاوەتەوە و خزمەتی ویست و ئارەزووەکانی سەرۆکی حیزبەکانیان کردووە. سەرەرای یەکگرتنەوەی رواڵەتیی ئەم دوو سەرۆك حیزبە هێشتا هێزەکانی ئاسایش و میلیشیاکانیان جیاوازن. ئەو گەشتیارانەی کە ناوچەکانی پارتی جێدێڵن و دەگەنە کۆیسنجق، کە یەکەم شارۆچکەی سەرەکی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیە، لە لایەن پێشمەرگەی یەکێتیەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. هەندێ جار دەزگاکانی هەوالگریش لێپێچینەوەی تایبەتی خۆیان دەکەن.

زۆر جار پێشمەرگە لە سەرووی یاساوە رەفتار دەکەن. ماوەیەك لەمەو بەر پێشمەرگەیەکی پارتی لە وەستانێکی ترافیکدا بە گوللە لە ئەفسەرێکی پۆلیس دەدا. هاورێیانی پێشمەرگە تاوانبارەکە لە بن دەستی پۆلیس دەریانهێنا نەبادا داواکاری یاسایی لەسەر تۆمار بکرێت.[15]

چاودێری و هاوسەنگیش بوونی نیە. ئازادی رۆژنامەگەری لە کوردستاندا روو لە کزییە، کەچی لە بەشەکانی تری عیراق دا لە گەشەسەندندایە. خێزانی تاڵەبانی خاوەنی کەناڵێکی سەتەلایت و گۆڤارێکی ناوخۆییە و ئەم دەسەڵاتەی بەکاردەهێنێ بۆ لێدانی رەخنەگرانی.

رۆژنامەی ئاوێنە و هاوڵاتی تاکە رۆژنامەی سەربەخۆن، بەڵام وا خەریکە ئەوانیش سنووردار دەکرێن. هەروەها دووپارتە سیاسیەکە کۆنترۆڵی دادگانیان کردووە و بەم پێیەش دەسەڵاتی دادگا بەکار دەهێنن بۆ ترساندن و پارە برین و تەنانەت دەزگیرکردنی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە رەخنە لە حزبی دەسەڵاتدار و لێپرسراوەکانیان دەگرن. بۆ نموونە یەکێتی رۆژنامەی هاوڵاتی بانگهێشتی دادگاکرد پاش ئەوەی رۆژنامەکە سەرەك وەزیرانی یەکێتی بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات تۆمەتبار کرد.[16] تەنانەت نووسینگەی نێچیرڤان بارزانی هەرەشەی راگوێزکردنە دادگای ئەو نووسەرو لێکۆڵەرەوە بیانیانەی کرد کە لە خەتی حزبەکەی لادەدەن.

ئەوانەی ناچنە ژێر رکێفی ئەم پارتانەوە یان لای کەم رازی نین بێدەنگی بنوێنن رووبەرووی دەزگاکانی ئاسایش دەبنەوە. لە تشرینی یەکەمی 2006 دا دەزگای هەوالگری پارتی هەستا بە رفاندنی رۆژنامەنووسی نەمساوی بەرەگەز کوردی، کەمال سید قادر، پاش ئەوەی ناوبراو چەند بابەتێکی بڵاو کردبووەوە لەسەر گەندەڵی بنەماڵەی بارزانی و پەیوەندی مەلا موستەفا، کە سەرکردەیەکی قەومی گرنگی کوردەو باوکی مسعود بارزانی یە، بە دەزگای سیخوڕی سۆڤیەتەوە KGB.[17] لە دادگاییەکدا کە تەنها 15 خولەکی خایاند دادوەرەکەی پارتی کەمالی بە 30 ساڵ زیندانی حوکم دا. پاش کامپینێکی NGO نێودەوڵەتیەکان و ئیدانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ناچاری حوکمەکە هەڵوەشێنرایەوە.[18]

وا دیارە ئیدارەی سیاسی کوردی سوورە لەسەر ئەوەی کە کۆنترۆڵی میدیاو بواری رۆژنامەوانی بکات. یاسا لە کوردستاندا لەسەر یاسای عێراقی بونیادنراوە. بە پێی ماددەی 433ی یاسای سزادانی عیراقی کە حزبی بەعس دایناوە هەموو جۆرەکانی رەخنە دەچنە قاڵبی تاوانی ناوزراندنەوە. ئەو رێکخراوە رۆژنامە نووسانەی کە لە هەوڵی گۆڕینی ئەم یاسا کۆنەدا بوون بەر تووڕەیی و نیقمەتی بارزانی بووتەوە. لە 20 ی کانوونی یەکەمی 2007 دا بارزانی داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد کە چاو بخشێنێتەوە بە پرۆژە یاسایەکدا کە جێی یاساکەی بەعس دەگرێتەوە و رێ بە رەخنەگرتن لە حکوومەتەکەی دەدا.[19]

وە نەبێ رێکخراوە نا حکوومیەکانیش (NGO) چاودێرێکی سەربەخۆ بن. زۆرێك لەم رێکخراوانە بە پشتگیری سەرکردەی سیاسی کوردی کاردەکەن و بەژێردەستەی ئەوان لەقەڵەم دەدرێن. بۆ نموونە رێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان لەلایەن خێزانی تاڵەبانیەوە بەرێوە دەبرێ و بۆ ئامانجەکانی حزب بەکاری دەهێنێ. کارمەندانی مرۆیی بیانی دەڵێن کە پارتی و یەکێتی پێیان وتوون کە پێویستە ئەندامانی حزبەکانیان دابمەزرێنن وەك مەرجێك بۆ هەماهەنگی حکوومەت لەگەڵیان. کاتێك هەندێ فەرمانبەری دەزگای ئەمریکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی نێودەوڵەتی USAID قایل نەبوون گوێڕایەڵی

ڕێنماییەکانی یەکێتی بن، لێرسراوانی ئەمنی یەکێتی بەناوی پەرۆشی ئەمنیەوە راپۆرتیان لەسەر ئەم کەسانە نووسی و لێپرسراوانی دەزگاکەیان لێترساندن. ئەوانیش بێلایەنەکانیان دەرکردو ئەندامانی یەکێتیان لە جێیاندا دامەزراند. زۆربەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێم تەنها باس لە تاوانەکانی سەددام دژ بە کورد دەکەن و پێشێلکاریەکانی سەرکردایەتی ئێستەی کورد پشتگوێ دەخەن.

لەگەڵ فراوانبوونی بۆشایی نێوان سەرکردایەتی سیاسی کورد و ئەو خەڵکەی گوایە نوێنەرایەتی دەکەن، تووڕەیی و بێزاری خەڵکیش لە زیاد بوونە. ئەمەش زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی بێتواناو دەسەوسان کردووە. لێپرسینەوەش نیە تەنانەت کاتێك حکوومەت بێمنەتانە هەڵدەستا بە بڕینی کارەبای ئاوارە کوردەکان لە کاتێکدا کە قەبری ابراهیم احمدی خەزووری تاڵەبانی 24 کاتژمێر کارەبای بۆ دابین کرابوو تا هەمیشە رۆشن بێت. یەکێتی و پارتی بە ئاشکرا بڕیاریان دا کە بە یەك لیست بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن پاشان بە نهێنی پۆستە حکوومییەکانیان لە نێوان خۆیاندا بەشکرد. ئەمە خەڵکێکی زۆری لێ تەکاندنەوە. کاتێك یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە حیزبێکی بێ چەکەو پەیوەستە بە (اخوان مسلمین) ەوە لە گەشەسەندا بوو، بە هاندانی پارتی کۆمەڵێ گەنجی شەڕەنگێز هەستان بە سووتاندنی ئۆفیسەکانی حزبەکەو کوشتنی بەرپرسی حزبەکە لە دهۆك.[20]

تەنانەت دوای ئەوەی ئەم دوو پارتە توانیان خۆیان لە رکابەری دوور بگرن، دبلۆماتکارانی ئەمریکی و لێژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەریانخست کە پارتی دیموکراتی کوردستان ناقۆڵاترین فێڵی لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە بەوەی پێشمەرگەی بەکارهێناوە بۆ رێگرتن لە دەنگدەران و چاودێرە حزبیەکانیشی سندووقەکانی دەنگدانیان پڕکردۆتەوە. لە راستیدا پارتی پێویستی بە فرتو فێڵ نەبوو چونکە بەو هەموو توانا و دەزگایەوە سەرکەوتنی مسۆگەر بوو، با دەنگەکانیشی بەقەد رێژەی دکتاتۆرێکی ئیقلیمی وەك حوسن موبارەك یان بەشار ئەسەدیش نەبێت.

## تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی کورد

لەوانەیە کوردستانی عیراق مەشخەڵێك نەبێت بۆ دیموکراسی هەروەك نوێنەرەکانی بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام ئەو کەسانەی لەناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکیدا سەربە قوتابخانەی واقیعی (ریالیزمی)ن لەوانەیە بڵێن کە هەڵسوکەوتی کوردستانی عێراق بەرامبەر خەڵکەکەی هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە نیە، بە تایبەتی مادەم دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەردەوام پاڵپشتی لە ئەمریکا دەکەن.

ئەو جۆرە بۆچوونانە بۆچوونی کورتبینن. لەبەرئەوەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پارە پشتگیری سەرکردە کوردیەکان دەکات، ئەوا خەڵك بەگشتی کارە خراپەکانی سەرکردەکانیان

دەبەستنەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە. دەنگۆی ناڕەزایی ڕووەو زیادبوون دەڕوات چونکە کوردەکان پێشێلکاریەکانی سەرکردەکانیان دەبەستنەوە بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە. بۆ نمونە لە ساڵی 2006دا، کاتێك حکومەتی ئەمریکا داوای جێگای بۆ نوسینگەکانی خۆی کرد لە شاری سلێمانی، تاڵەبانی باڵەخانەی کۆلێجی تەکنیکی بەبێ هیچ پێشەکییەك تەرخان کرد بۆ نوسینگەکانی ئەمریکا. ئەم کارە بووە هۆی تووڕەبوونێکی زۆری خەڵك. هەروەها کوردەکان بەرپرسانی ئەمریکا تۆمەتبار دەکەن بە بەشداربوونیان لە کاری خراپی وەکو ئەشکەنجەدان لەناو باڵەخانەیەکی سەردەمی سەددامدا کە دەکەوێتە نێوان تاسلوجەو پیرەمەگرونەوە. لەکاتێکدا کە بەرپرسانی کوردی بە ئاشکرا بانگەشەی پاڵپشتی کردنی خەڵکی بۆ ئەمریکا دەکەن، ئەو ئاراستەیە بە خێرایی بەرەو لاوازبوون دەڕوات. دژە ئەمریکابوون لەناو کوردستانی عێراقدا وا خەریکە سەرهەڵدەدات. پێنەزانینی ئەو دیاردەیە لە ئێستادا و نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕاستکردنەوەی، دەبێتە هۆی کاردانەوەی سەلبی و لەدەستدانی دەرفەتە ستراتیژیەکانی ئەمریکا لە داهاتوودا.

سەرەڕای ئەمانە لەوانەیە داڕێژەرانی ستراتیژیەتی ئەمریکا چاوپۆشی لەم کردارانە بکەن ئەگەر هاتوو کوردەکانی عێراق ئەوە بسەلێنن کە بەرژەوەندیە هەرێمیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بەرەوپێش دەبەن. بەڵام بەداخەوە، ئەوان هیچ شتێکیان بەم ئاراستەیە نەکردووە. لە کاتێکدا کە کوردستانی عێراق لە مارتی 2003دا ڕێگای بە هێزەکانی ئەمریکا دا خۆ کۆبکەنەوەو بەشداریان کرد لە هێرشکردن بەرەو باشوور و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەپاش لەناوچوونی هێزەکانی عێراقەوە دروست بوو، بەڵام هەڵسوکەوتی کورد پاش ئەوە نیشانەی پرسیارێکی زۆر گەورەی لەسەر متمانەی کوردستانی عێراق دروست کرد وەك هاوپەیمانێکی ئەمریکا.

لەحەفتەی یەکەمی مانگی تەموزی 2003دا، یەکەیەکی سەربازی ئەمریکی لە کاتی دەوریەیەکیاندا لە شاخەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق بە دووری 40 کیلۆمەتر لە سنوری ئێرانەوە، ڕێیان دەکەوێت لە بازگەیەکی ڕێگەپێنەدراوی پارتی دیموکراتی کوردستان و تێیدا دەست دەگرن بەسەر کۆمەڵێك پاسەپۆرتی ئێرانی و هەندێك پارەدا کە لە بازگەکەدا شاردرابوویەوە. بەرپرسانی پارتی ئەو بازگەیەیان بۆ هێنانە ژوورەوەی ئێرانیەکان بەکارهێنابوو. لە بەرامبەر پارەدا کەسانی کارای ئێرانی ناسنامەی کوردییان بۆ دەکرا و پاسەپۆرتە ئێرانیەکانیان لێوەردەگیرا. بەرپرسە کوردەکان بە نهێنی دان بەوەدا دەنێن کە ئەوە تاکە حاڵەت نەبووە. لەسەرەتای دەستپێکردنی توندوتیژی لە عێراقدا لە مایسی 2004ەوە، کوردستانی عێراق بووە بە ڕێڕەوی تێپەڕبوونی ئەنصار سوننە: ئەندامەکانی ئەنصار سوننە لە ئێرانەوە هاتوونەتە ناو کوردستانی عێراقەوەو لە ڕێڕەوێکی ئارامەوە چوونەتە موصڵ لە بەرامبەر بەڵێنی ئەوەی کە هیچ کردەیەك لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام نەدەن. تەنانەت دوورنیە پارەشیان وەرگرتبێت.

ئەم جۆرە مامەڵەیەی کورد تا ئێستاش لەگەڵ ئێراندا بەردەوامە. لە 2007/1/11 و 2007/9/20 دا، هێزەکانی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر چەند باڵەخانەیەك لە هەولێر و سلێمانی کە بووە هۆی دەستگیرکردنی 6 ئەندامی کارای هەواڵگری ئێرانی. لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەرپرسە کوردیەکان نارەزاییان بەرامبەر ئەو دەستگیرکردنانە دەربڕی. لە پاش ڕووداوی یەکەم، نوسینگەی بارزانی بەیانێکی دەرکرد کە تێیدا هاتووە: "باشتروایە حکومەتی کوردی ئاگادار بکرێتەوە پێش ئەوەی هیچ کارێك بەرامبەر هەر کەسێك بکرێت."[21] لە حاڵەتی دووهەمدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستگیرکردنەکەی بە ناشەرعی وەسف کردو دەڵێت: "ئەم جۆرە کارانە خزمەت بە کەس ناکات."[22] بڕیاری ئاگادارنەکردنەوەی دەسەڵاتی کوردی هەڵەیەکی دیبلۆماسی نەبوو بەڵکو لە ئەنجامی ئەزموون و شارەزاییەوە بوو: سیاسەتمەدارانی ئەمریکی چیتر متمانە بە دەسەڵاتدارانی کوردستانی عێراق ناکەن بەوەی کە زانیاری هەستیار کەشف نەکەن.

گرنگ نیە ئەگەر ئامانج لەم جۆرە رەفتارەی بەرپرسە کوردیەکان و کەسانی ژێر دەسەڵاتیان لە پێشمەرگە و ئاسایش بۆ ڕازی کردن و دڵخۆشکردنی هێزە ئیقلیمیەکان بێت یان بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن. ڕەتکردنەوەی بەردەوامی دەسەڵاتی کوردی چ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و چ لەلایەن هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق کە هەم خاڵی بارزانیەو هەر ئەویش لەو جێگایەی داناوە- بە دابین کردنی لیستێکی دیبلۆماسی بۆ بەرپرسە ئەمریکیەکان، مایەی کەمکردنەوەی متمانەی هێزە فرە ڕەگەزەکان بە سەرکردە کوردیەکان. هیچ هۆیەك بۆ شاردنەوەی ئەو لیستە نیە. ئەو لیستە یارمەتی دەسەڵاتی ئەمریکا دەدات بۆ دیاری کردنی باری دیبلۆماسی هەر کەسێك پێش هەر کردارێك. ڕەتکردنەوەی کورد بۆ پێشکەشکردنی ئەو لیستە، نائارەزوویی کوردستان پیشان دەدات لە هاریکاری کردنی هەوڵەکانی ئەمریکا لە بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانەکانی فەیلەقی پاسەوانانی شۆڕشی ئێرانی.

## یاریکردن بە کارتی تیرۆر

دژایەتی کردنی بارزانی بۆ تورکیا ئەگەری هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکادا لاواز دەکات. زۆربەی بەرپرسانی کورد پەیوەندی تورکیا و ئەمریکا وەك یارییەك دەبینن کە ئەنجامەکەی تەنها لە قازانجی لایەکە. واتە واشنتۆن دەبێت یان بەدوای هاوڕێیەتیدا بگەڕێت لەگەڵ هەولێردا یان دەبێت خۆی بکات بە هاوپەیمانی ئەنقەرە. زۆربەی بەرپرسە کوردەکان لەوە تێناگەن کە پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ لایەکیان مانای بڕینی پەیوەندی لەگەڵ ئەوی تر ناگەیەنێت. زۆرجار دەسەڵاتدارانی کورد بەو بەرپرسە ئەمریکیانە دەڵێن کە سەردانیان دەکەن کەوا کوردستانی عێراق باشتر لە ئەنقەرە دەتوانێت ببێتە هاوپەیمانی ئەمریکا. کوردەکان نە لە پەیوەندی قووڵی نێوان ئەمریکا و تورکیا دەگەن نە لەوەی کە داواکارییەکانی کورد بە لاواز سەیر دەکرێن لە لایەن واشنتۆنەوە، کە پەیوەندییەکانی لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکانی

دەوڵەتانی تر دادەنێت. بۆ نمونە سعودیە و ئیسرائیل، هەردوکیان هیواخوازن کە واشنتۆن پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەوی تردا کەمبکاتەوە، بەڵام هەردوولایان ئەوە دەزانن کە شتی وا ڕوو نادات. بەڵام بارزانی ئەو کارامەیی و ووردبینیەی نیە و وادیارە دەیەوێت کۆشکی سپی ناچار بکات کە لە نێوان هەولێر و ئەنقەردا یەکێکیان هەڵبژێرێت. ئەگەر وا بکات، سەرکردایەتی کوردستانی عێراق تووشی نائومێدی دەبێت.

لە ڕاستیدا شتێکی ئاساییە کە بارزانی پاڵپشتی لە بەرژەوەندیەکانی کورد بەکات، بەڵام گوتارو لێدوانەکانی بارزانی زۆرجار دەبێتە هەڕەشە. بۆ نمونە لە کانونی دووەمی 2005دا، بارزانی ئاشکرای کرد کە ئەگەر کەرکوکی شاری پڕ لە نەوت تا مانگی کانونی دووەمی 2007 نەگەڕێتەوە سەر ئیدارەکەی ئەو، ئەوا لەوانیەی ئاگری شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا هەڵگیرسێنێت.[23] پاشان لە نیسانی 2007دا هەڕەشەی یارمەتیدانی یاخیبوونی لە تورکیا کرد کە ئەگەر هاتوو ئەنقەرە ملکەچی نەنوینێت سەبارەت بە داواکاریەکانی سەبارەت بە کەرکوك.[24] ڕاگەیاندنی حزبەکەشی بەشدارە لە ووروژاندن و هاندان دژی تورکیا بە هەمان شێوەی ڕاگەیاندنی فەلەستینی دژی ئیسرائیل. ئەو نەخشانەی لەژێر سێبەری باڵەخانەی پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەفرۆشرێن کوردستانێکی گەورەتر لەخۆ دەگرن کە پەل دەکێشێتە ناو تورکیاشەوە. ڕۆژنامە کوردیەکانی ئەو دەڤەرە کوردستانی عێراق بە باشوری کوردستان ناو دەبەن و باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیاش بە کوردستانی باکور ناودەبەن. بە هەمان شێوەی دەسەڵاتی فەڵەستینی، ئەم جۆرە بانگەشە فراوان و جەماوەریانەی کە بەرەو دەرەوەی سنور ڕەوانە دەکرێن کوردستانی عێراق دەکاتە هێزێك بۆ ناسەقامگیری، نەك لەنگەرێك بۆ ئاسایش.

لێرەوە کە پەیوەندیەکانی بارزانی لەگەڵ پەکەکە گرفتێکی گەورەیە. لەوانەیە بارزانی ناسیۆنالیست بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا کەسێکی واقیعیشە. ئەو ڕقی لە پەکەکەیەکی بەهێزە، نەك لەبەر ئەوەی کە تیرۆری پەکەکە مەسەلەی نەتەوەیی کورد تێکدەدات، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە پەکەکە دەبێتە بەدیلێك. عبداللە ئۆجەلانی سەرکردەی پەکەکە هەوڵیدا زاڵ بێت بەسەر بەرهەڵستکارە کوردیەکانیدا. لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی 1998دا ئۆجەلان دەڵێ: "بارزانی و تاڵەبانی وەکو پێ یان دەستەکانن بەڵام من سەرەکەم."[25] لە نەوەدەکان بارزانی و تاڵەبانی فەرمانیاندا بە پێشمەرگەکانیان کە دژی پەکەکە بجەنگێن لە هەر جێگایەك کە پەکەکە بیەوێت جێ پێیەك قایم بکات. بەپێی قسەی ژمارەیەك بەرپرسی دیبلۆماسی و ئیستیخباراتی تورکیا، ئەو کات بارزانی داوای لە حکومەتی تورکیا کرد کە یارمەتی پێشمەرگەو شەڕەکەی دژی ئەو گروپە تیرۆریستە بدات. بارزانی دەیزانی کەوا حەواندنەوەی پەکەکە دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ بەرژەوەندیەکانی، بۆیە کاری کرد بۆ نەهێشتنی ئەو هەڕەشەیە. بەڵام ئێستا کە ئۆجەلان لە زینداندایەو پەکەکە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی بارزانی نەماوە، بارزانی پەکەکەی لە ئامێز گرتووەو وەکو ئامرازێك دژی تورکیا بەکاریان دەهێنێ.

دوای ئەوەی کە لە مارسی 2003دا پەرلەمانی تورکیا ڕازی نەبوو بەشداری بکات لەو هاوپەیمانێتیەی ئەمریکا دژی سەددام، بارزانی متمانەی لە رادە بەدەری بە هاوڕێیەتی واشنتۆن پەیدا کرد

کەوتە رکابەری دژی تورکیا. ئەو بەخێرهاتنی سەرکردەکانی پەکەکەی کرد بۆ ناوچەکانی خۆی-بەتایبەتی لە هەرێمی (سێگۆشەی سنور)ی نێوان ئێران و عێراق و تورکیا. لەکاتێکدا کە ووتەبێژەکانی بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوام بەڵێنی لێدانی پەکەکەیان دەدا، بارزانی ستراتیژیەتی دوایین سەرکردەی فەلەستینی یاسر عەرەفاتی دووبارە کردەوە، بەوەی نکۆڵی بکات لە تێوەگلان لەگەڵ تیرۆریستان، لە هەمان کاتدا تیرۆر بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی دەستکەوتی دیبلۆماسی وەدەست بخات. بارزانی بە دیبلۆماتکارە ئەمریکیەکانی دەوت کە هەڕەشەی پەکەکە نامێنێت ئەگەر هاتوو تورکیا تەنازولێکی گەورە لە ڕووی لێبوردنی گشتی و مافی پەخشکردن و ڕێفۆرمی دەستوریەوە بکات، کەچی لەهەمان کاتدا هانی سەرکردەکانی پەکەکەی دەدا کە بەردەوام بن لە هێرشەکانیاندا.

دەسەڵاتدارە تورکەکان دەڵێن کەوا ئەوان وێنەی گەورە فەرماندەکانی پەکەکەیان لایە کە لە نەخۆشخانەکانی هەولێردا تیمار دەکرێن و کۆبوونەوە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بارزانیدا دەکەن لە چێشتخانەکانی شاردا. بە فرۆشتنی خواردن و کەلوپەل، بارزانی قازانجێکی باشی بە ئەندامانی بنەماڵەکەی گەیاندووە. بەرپرسە تورکەکان گومانی ئەوە دەکەن کە کوڕی بارزانی چەك بە پەکەکە دەفرۆشێت. ئەم زانیارییە بوو کە وای لە ئەنقەرە کردوە ئەوەندە توند بێت لە دژی کوردستان و بەرپرسە ئەمریکیەکانی ڕازی کردووە کە هاوکاری بکەن، هەرچەند فڕۆکە تورکیەکان گوندەکانی کوردستانی عێراقیان کردۆتە ئامانج.

### داهاتووی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و کورد

ئێستا کوردستانی عێراق لە ڕابردوودا دەژی و ناوبانگێکی هەڵەی پێدراوەو پیاهەڵدانی ڕاوێژکاران و لۆبیکاران لە ڕاستیەکانی دابڕیوە. تاڵەبانی و بارزانی هەقیانە کە فەخر بکەن: لە ساڵانی کۆتایی نەوەدەکان و پێش ڕووخانی سەددام، سەرەڕای ئابلۆقەی ئابووری، کوردستانی عێراق چیرۆکێکی سەرکەوتوو بوو، تا ڕادەیەك دیموکراسی بوو وە لە پێشکەوتندا بوو. کوردەکان لەوانەبوو لە هەڵەی سەرکردەکانیان ببورن چونکە کێشەی گەورەتر هەبوو، چونکە هیوایان بە داهاتوو هەبوو.

هەرچەندە کوردستان لە سێبەری سەددام ڕزگاری بوو بەڵام بەرەو دواوە ڕۆیشتووە. بە نەمانی ئابلوقەی ئابووری، گەندەڵی زۆر فراوان بوو. مێژووی بنەماڵەی بارزانی و پەیوەندیان بەو خەڵکەی کە دەیانەوێ ڕێبەریان بکەن، لە گەشەی نەوەی ئال سعود دەچێت لە عەرەبستانی سعودی: مەلا مستەفا بارزانی (1903-1979) و شا عبدالعزیز بن سعود (1876-1953) لەسەر بەها خێلەکیەکانی کۆمەڵگاکەیان مابوونەوەو زۆر ڕێزیان لێ دەگیرا. بەڵام نەوە دوای نەوە بەرەو گۆشەگیری و گەندەڵی دەچن.

لە کاتێکدا بارزانی بە وەبەرهێنەران دەڵێت کە دەیەوێت هەرێمەکەی بکات بە دوبەی، بەڵام نازانێت کە گەندەڵی ئیدارەکەی ڕێگری ئەم کارەیە. بە فراوانبوونی بۆشایی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان و، بەکارهێنانی میکانیزمی خەفەکردنی نەیاران لە لایەن بارزانی و تاڵەبانیەوە، پارتە ئیسلامیەکان ڕوو لە

گەشەسەندنن، هەروەك ئێستا خاوەنی جەماوەرێکی زۆرن. ئەگەر بەهۆی بیروبۆچوونە دینییەکانیشیان نەبێت ئەوا کوردەکان ئیسلامیەکان بە تەنها بەدیلی پارتی و یەکێتی دەزانن چونکە دوورن لە گەندەڵی. زۆربەی کوردەکان گوێ نادەنە بۆچوونە موحافیزکارەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان. بەڵام لەگەڵ زیادبوونی جەماوەری ئەم پارتە، ڕەخنە توندەکانیان لە سیاسەتی ئەمریکا و لێکدانەوەی پیلانگێڕانەیان بۆ نیەتەکانی ئەمریکا زیاتر ڕەگ دادەکوتێت.

زۆرێك لە بەرپرسە کوردیەکان و هەندێك لە چاودێرە ئەمریکیەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن کەوا ئەمریکا لە کوردستانی عێراقدا هێزێکی سەربازی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دابنێت، ئەمەش گوایە یارمەتی هێزەکانی ئەمریکا دەدات تا لەو بەشانەی تری عێراق بکشێنەوە کە کەمتر میوانداری دەکرێن. لەوانەیە ئەمە ڕۆژگارێك خیارێك بووبێت، بەڵام هەڵسوکەوتی بارزانی وای کردووە ئەمە کارێکی ناحەکیمانە بێت. بنکەی سەربازی لە کوردستانی عێراقدا لەوانەیە لەسەر کاغەز دەستکەوتێکی ستراتیژی بێت بۆ پنتاگۆن، بەڵام لە واقیعدا بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە. چونکە بارزانی ئەگەر یارمەتی تیرۆرزمی پەکەکە دژی تورکیا نەکات ئەوا بێگومان ڕێی پێ دەدات. بوونی ئەمریکاش لە کوردستان لەهەموو جۆرە لێپرسینەوەیەك و بەرپرسیارێتیەك دەیپارێزێت. بارزانی بنکەی سەربازی ئەمریکای لە ناوچەکانی خۆیدا دەوێت چونکە دەبێتە ئامرازێکی بەرگریکردن لەبەردەم تۆڵەسەندنەوەی تورکیادا. لەڕاستیدا، دامەزراندنی هەر بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی لە کوردستانی عێراق، تا بارزانی لەسەر دەسەڵات بێت، سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی فراوانتر. بارزانی کەسێکی خۆنەویست نیە: خۆشاردنەوە لە پشت بوونی بەردەوامی سوپای ئەمریکا، ئەو بەرگرییەی دەداتێ کە دەیەوێت. ئەگەر پنتاگۆن دەیەوێت بنکەی سەربازی لە کوردستانی عێراق دامەزرێنێت، ئەوا دەبێت پێشبینی زیادبوونی کێشەی پەکەکە و تووڕەکردنی وڵاتانی دراوسێ بکات لەلایەن بارزانییەوە. هەروەك چۆن حەماس و فەتح دەیانەوێت چاودێرانی ئەوروپی لە سنوری غەززە جێگیربن، حزب اللەش دەیەوێت هێزی کاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە باشوری لوبنان بوونیان هەبێت، بە هەمان شێوە بارزانیش دەیەوێت هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا جێگیربن. نەك هەر یارمەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نادات، بەڵکو هەر بنکەیەکی سەربازی لە کوردستانی عێراق لەم بارودۆخەی ئێستادا تەنها گارەنتی فراوانبوونی ناکۆکیەکان دەکات. دیکتاتۆرەکانی هەرێمەکە، بە تایبەتی ئەوانەی کە نایانەوێت خۆیان لە تیرۆریزم دووربخەنەوە، هاوپەیمانێکی خراپیان لێ دەردەچێت.

ئەگەر بڕیارە کوردستانی عێراق ببێتە هاوپەیمانێکی باش و هێزێك بۆ سەقامگیری و پەرژینێك لەدژی ئایدیۆلۆژیا وێرانکارییەکانی ناسیۆنالیستی عەرەبی و ئیسلامی، ستراتیژیەتی ئەمریکی دەبێت دووربینانە بڕوانێتە بەرژەوەندیەکانی. کوردستانی عێراق لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگە. فیدرالیزم داهاتووی عێراقە. زۆرێك لە ڕەخنەگران و، لە ڕاستیدا، زۆرێك لە عێراقیەکانیش دەڵێن دیانەوێت پیاوێکی بەهێز بگەڕێتەوە، واتە مۆدێلی حکومەتی مەرکەزی لە عێراقدا بێتەوە. بەڵام لە راستیدا ئەو جۆرە سیستەمە هەرگیز سەرناگرێت: عێراق لەنێوان ساڵانی 1961 بۆ 2003 لە حاڵەتێکی بەردەوامی نزیك لە

شەڕی ناوخۆدا بووە، چونکە عێراقیەکان بەرگرییان لە هەوڵەکانی بەغدا دەکرد لە سەپاندنی ویستە دیکتاتۆرییەکانی. سەرکردایەتی بەهێز شتێکی باشە، بەڵام لە بیرمان بێت کە عێراق ئەو وڵاتەیە کە لە بەرامبەر هەر سەربازێك 100 جەنەڕاڵی هەیە.

دەبێت واشنتۆن هیچ لێبوردەییەکی بەرامبەر تیرۆریزم نەبێت. کوردستانی عێراق پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەڵام بارزانی لە ڕێگەی هاوکاریکردنی پەکەکەوە هەموو دەستکەوتەکانی کوردی عێراق دەخاتە مەترسییەوە. پارتی و یەکێتی بە مامەڵە کردنیان لەگەڵ ئێراندا، خیانەتیان بەرامبەر متمانەی واشنتۆن کردووە. لە کاتێکدا شتێکی ئاساییە کە هەردوو حزبەکە پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەبێت، بەڵام فرۆشتنی زانیاری و ئاسانکاریکردن بۆ هاتنەناوەوەی وڵات، ڕێگای ناپەسەندن بۆ خۆشەویستکردنی خۆیان لای دراوسێکانیان.

بەرپرسیارێتی لە سەرکردایەتیدا مەرجەو (خیار) نیە. سەرکردایەتی لێپرسراوانەی کوردی دەبێت کۆتایی بە وروژاندن و هاندان بێنێت. لەوانەیە سەرکردەی مێژوویی و جەماوەری (دیماگۆج) لێزانانە سیاسەت بکات و سەرنج لە مەسەلەکانی وەك گەندەڵی و بەرپرسیارێتی دوورخاتەوە، هەروەك بارزانی دەیەوێت خۆی لێیان بدزێتەوە، بەڵام هاندان و وروژاندن بەرەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. میدیاو بڵاوکراوە کوردیەکانی ژێر دەستی حزبە دەسەڵاتدارەکان زۆرجار سۆزی نەتەوەیی دەوورووژێنێنن. بۆ نمونە بە تەرخانکردنی 25 خولەك لەکۆی 30 خولەکی پرۆگرامی هەواڵەکان بۆ دەرخستنی داواکاری سەربەخۆبوون لەڕێی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵانی قوتابخانەو ووتنەوەی سرودی نیشتیمانیەوە، بارزانی خۆی و هەرێمەکەی نزیکتر دەکاتەوە لە ناکۆکی لەگەڵ دراوسێکانی. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەو جۆر وروژاندنانەی سەرەتای دروستبوونی دەسەڵاتی فەلەستینی فەرامۆش کرد بەرەنجام ئەو کیانە تێکشکایە ناو ئاژاوەوە. وەزارەتی دەرەوە نابێت هەمان هەڵە دووبارە بکاتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردستانیدا.

لە ساتەوەختی بۆمبارانکردنی بنکە تیرۆریستیەکانی ناو کوردستانی عێراق لەلایەن فرۆکە جەنگیەکانی تورکیاوە، کاتی ئەوە هاتووە کە واشنتۆن و هەولێر دووبارە بە سیاسەتەکانی خۆیاندا بچنەوە. واشنتۆن کارتی زۆری هەیە بۆ ئەوەی یارییان پێ بکات. هاوسۆزی واشنتۆن بۆ کورد ڕوونە، بەڵام زیاتر لەسەر ئەفسانە بونیات نراوە. نابێت هەرگیز نیازپاکی ئەمریکا وەك دەستواڵاکردن و تخویل لێکبدرێتەوە: لەوانەیە بارزانی وەك هاوپەیمانێك بمێنێتەوە، بەڵام بەکردار مافی ئەوەی نەماوە ببێتە شەریکێکی ڕاستەقینە. کاتی ئەوە هاتووە کە بە توندی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا مامەڵە بکرێت. ئەمریکا نابێت چیتر هاوکاری و شەرعیەتی دیبلۆماسی بداتە کوردستانی عێراق، هەتاکو کوردستانی عێراق ڕێگەنەگرێت لەوەی کوردستان ببێتە مۆڵگەی پەکەکەو، هەروەها ئەمن و ئاسایشی ئەمریکا نەفرۆشێت بەو کەسەی بە پارەی زیاتر گرەو دەکات و چاکسازییە دیموکراسیەکان بە چەقبەستوویی بهێڵێتەوە.

***بەڕێوەبەری نووسین لە AEI کریستی هال روبنسون هاریکاریی نووسەری کردووە لە نووسینی ئەم باسەدا.***

## <u>تێبینیەکان</u>

---

[1] بۆ باشترین نموونە لەسەر ئەمە سەیری see Michael J. Totten, "No Friends But the Mountains," *Azure* (Jerusalem) 5768, no. 30 (Autumn 2007), available at www.azure.org.il/magazine/magazine.asp?id-407 (accessed January 2, 2008).

[2] Peter W. Galbraith, "Iraq: The Way to Go," *The New York Review of Books* 54, no. 13 (August 16, 2007), available at www.nybooks.com/articles/20470 (accessed January 2, 2008); and Al Kamen, "Kurdish Connection?" *Washington Post*, January 15, 2007.

[3] David Nissman, "Iraqi Troops Cross 36th Parallel," *Iraq Report* 3, no. 41 (December 8, 2000), Radio Free Europe/Radio Liberty, available at www.rferl.org/reports/iraq-report/2000/12/41-081200.asp (accessed January 2, 2008).

[4] United Nations Treaty Series, no. 32851, "Memorandum of Understanding between the Secretariat of the United Nations and the Government of Iraq on the Implementation of Security Council Resolution 986 (1995)," May 20, 1996, available at http://untreaty.un.org/unts/120001_144071/25/7/00020981.pdf (accessed January 3, 2008).

[5] İlter Türkmen, "Protocol and Foreign Policy," *Turkish Daily News*, November 17, 2007. U.S. Department of Justice, "Report of the Attorney General to the Congress of the United States on the Administration of the Foreign Agents Registration Act of 1938, as Amended, for the Six Months Ending June 30, 2006," June 6, 2007, 101, available at www.usdoj.gov/criminal/fara/reports/June30-2006.pdf (accessed January 2, 2008).

[6] U.S. Department of Justice, "Report of the Attorney General to the Congress of the United States on the Administration of the Foreign Agents Registration Act of 1938, as Amended, for the Six Months Ending June 30, 2006," June 6, 2007, 101, available at www.usdoj.gov/criminal/fara/reports/June30-2006.pdf (accessed January 2, 2008).

[7] "Barzani: Mosul and Kirkuk Are Kurdish Lands," ڕۆژنامەی الشرق الاوسط (London), April 7, 2003

[8] Masud Barzani, "A Kurdish Vision of Iraq," *Gulf News* (Dubai), October 30, 2005.

[9] Carole O'Leary , Kuwait Information Office, July 6, 2001 ،وتار.

[10] Sverker Oredsson and Olle Schmidt, "Kurdistan—A Democratic Beacon in the Middle East," Kurdistan Development Corporation, December 2004. The Other Iraq Television Spots (script, "U.S. Spot #2: The Other Iraq"), available at http://theotheriraq.com/images/Advert2.pdf (accessed January 3, 2008).

[11] The Other Iraq Television Spots (script, "U.S. Spot #2: The Other Iraq"), available at http://theotheriraq.com/images/Advert2.pdf (accessed January 3, 2008).

[12] UN General Assembly, Fifty-first Session, Agenda Item 110, *Human Rights Questions: Human Rights Situations and Reports of Special Rapporteurs and Representatives—Situation of Human Rights in Iraq*, prepared by Max van der Stoel, Special Rapporteur of the Commission on Human Rights, in accordance with Economic and Social Council decision 1996/277, A/51/496, October 15, 1996, par. 96, available at http://daccessdds.un.org/doc/UNDOC/GEN/N96/277/88/PDF/N9627788.pdf?OpenElement (accessed January 3, 2008); and Patrick Cockburn, "Kurdish Chief's Death Brings Civil War Nearer." *The Independent* (London), July 6, 1996.

13 بۆ زانیاری زیاتر سەیری Michael Rubin, "The Middle East's Real Bane: Corruption." *Daily Star* (Beirut), November 15, 2005.

14 Human Rights Watch, *Caught in the Whirlwind: Torture and Denial of Due Process by the Kurdistan Security Forces* (July 2007), available at http://hrw.org/reports/2007/kurdistan0707/ (accessed January 3, 2008).

15 Kamal Said Qadir. "Iraqi Kurdistan's Downward Spiral," *Middle East Quarterly* 14, no. 3 (Summer 2007), available at www.meforum.org/article/1703 (accessed January 3, 2008). Committee to Protect Journalists, "Iraq: Journalists from Kurdish Weekly Face Arrest, Trial," news alert, May 2, 2006, available at www.cpj.org/news/2006/mideast/iraq02may06na.html (accessed January 3, 2008).

16 Committee to Protect Journalists, "Iraq: Journalists from Kurdish Weekly Face Arrest, Trial," news alert, May 2, 2006, available at www.cpj.org/news/2006/mideast/iraq02may06na.html (accessed January 3, 2008).

17 Declassified Soviet papers document Barzani's interaction with the KGB. See, for example, Peter Ivashutin to the Central Committee of the Communist Party of the Soviet Union, September 27, 1961, as quoted in Kamal Said Qadir, "The Barzani Chameleon," *Middle East Quarterly* 14, no. 2 (Spring 2007), available at www.meforum.org/article/1681 (accessed January 3, 2008).

18 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە Cathy McCann, "Iraq: Writer Kamal Sayid Qadir Detained Incommunicado," International PEN, December 16, 2005; "Cyberdissident Still in Prison despite Release Announcement," Reporters without Borders, February 2, 2006, available at www.rsf.org/article.php3?id_article=16104 (accessed January 3, 2008); and Kamal Said Qadir, "Iraqi Kurdistan's Downward Spiral."

19 Kurdistan Regional Government, "President Barzani to Ask Parliament to Reconsider Media Law," press release, December 20, 2007, available at www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=12&smap=02010100&rnr=223&anr=22047 (accessed January 3, 2008).

20 Reuters, "Kurdistan Islamic Union Attacked," December 6, 2005

21 James Glanz, "G.I.'s in Iraq Raid Iranians' Offices," *New York Times*, January 12, 2007.

22 Jay Price and Yaseen Taha, "Kurds Denounce U.S. Detention of Iranians," McClatchy-Tribune News Service, September 20, 2007.

23 "Barzani: Kirkuk to Join Kurdistan," *Turkish Daily News*, December 2, 2005

24 . Masud Barzani, interview by Elie Nakuzi, *Frankly Speaking*, Al Arabiya TV, April 6, 2007

25 . Abdullah Öcalan, "We are Fighting Turks Everywhere," *Middle East Quarterly* 5, no. 2 (June 1998), available at www.meforum.org/article/399 (accessed January 3, 2008).